## کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی کاک ئەحمەدی موفتیزادە

## لەروانگەی مامۆستا علی رەحمانی، مامۆستا عەبدوڵا ئێرانی



نووسەر: صلاح الدین محمد بهاءالدین

" ئەم دوو مامۆستا بەرێزە لەبارەی کەسایەتی و ئاشنایی خۆیان بۆ مەرحومی کاک ئەحمەد بابەتێکی جوانیان پێکەوە بە گفتوگۆیەکی ڤیدیۆیی تۆمار کردووە، ئەمەی خوارەوە پوختەی ئەو بابەتەیە " هەر وەکو وەفایەک بۆ کاک ئەحمەد، ئێمە لەم گفتوگۆیەدا دەمانەوێ چەند بتوانین باسی بەعزێ لە کەسایەتی کاک ئەحمەد بکەین بەو تایبەتمەندیانەی کە پێوەی ڕازاوەتەوە، ئاشکرایە هەر زانا و کەسایەتیەک بەعزێک تایبەتمەندی خاصی خۆی هەیە کە بەو تایبەتمەندیانەیەوە ناسراوە، نوسین لەسەر مەرحومی کاک ئەحمەدی موفتیزادە لەهەموو بارەیەکەوە کارێکی فراوانە و زۆری ئەوێ، ئەوەی ئێمە لەم فرسەتەدا ئەیکەین باسکردنێکی سەرپێیە لەو ئەندازەی لە زیهنماندا هەیە (کە بەداخەوە یاداشتی شتەکانمان نەکردووە لەکاتی خۆیدا) بەو ئیعتبارەی هەردوکمان لەخزمەتیدا بووین:



### مامۆستا علی رەحمانی:

### تایبەتمەندییەکانی کاک ئەحمەدی موفتیزادە:

- ✓ ئازایەتی و نەترسان.
- ✓ خۆشەویستی بۆ خەڵک بێ جیاوازی.
- ✓ خۆشویستنی هەموو موسڵمانان بێ جیاوازی.
- ✓ خۆشەویستی بۆ فەقیر و هەژار.
- ✓ ئەخلاق جوانی و ڕەوشت بەرزی.
- ✓ خۆ بەکەم زانین و تەوازوعێکی زۆر (خۆ جیانەکردنەوە لە خەڵک).
- ✓ (سادە ژیان) و دوری گرتن لە خۆشگوزەرانی، بۆ نمونە: (دوای جەلسەکەی شورای شەمس لە کرماشان لەبیرمە کە (هاشمی سەید شوهەدائی) کە یەکێک بوو لە خزمانی کاک ئەحمەد ڕووی کردە کاک ئەحمەد و عەرزی کرد و وتی؛ کاک ئەحمەد زۆرکەس لە شارە نزیکەکان و لە شارە دورەکانەوە دێن بۆ ئێرە و ئەو خواردەمەنیەی لە ماڵی ئێوە ئامادە دەکرێت،

هەندێ جار سەختە خواردنی بۆ ئەوان، کاک ئەحمەد فەرمووی: کاکە بەڕاستی نیمە بەڕاستی ئەگەر بیشم بێ ناتوانم وا بکەم، هەم نیمە هەم ئەگەر بیشم بێ ناتوانم وا بکەم...! ئەو کەسانەی دێن بۆ دیتنی ئێمەو بۆ ماڵی ئێمە، ئەگەر بۆ ماڵی ئێمە دێن ئەمە واقیعی خواردەمەنی و وەزعیەتی ژیانی ئێمەیە، جا ئەگەر دێن بۆ دیتنمان بەڵام تەحەمولی ئەوەیان پێ ناکرێت، ئەکرێ تەشریف بەنە دەرەوەو لە بازاڕ نان بخۆن و تەشریف بێننەوە بۆ ماڵەوە، ئێمە واین لەخزمەتیاندا، کەوایە من بەرنامەم ئەوەتانێ خوا جەزای خێریان باتەوە ئەگەر تەحەمولی دەکەن، تەحەمولیشی ناکەن من هەر ئەوەم هەیە).

- ✓ زێدە خۆشویستنی مناڵ.
- ✓ دووری گرتن لە ئیسراف.
- ✓ زێدە ئیحترام و ڕێز لە ئافرەت.
- ✓ خاوەنی زیرەکی و حافیزەیەکی زۆر بوو.
- ✓ دووری گرتن لە غەیبەت و ناوبردنی خەڵک، تەنانەت ئەوانەی کە خۆشیان لە کاک ئەحمەدیش نەدەهات، بۆ نمونە: (برایەک گێڕایەوە بۆم کە لەو کاتەدا کە لە زینداندا بۆ چەند ڕۆژێک مۆڵەتیانداوە بێتە ماڵی خوشکی، ئەو برا بۆ سەردانی لەو وەختەدا حازر ئەبێ، کاک ئەحمەد دەچێ دەست نوێژ بگرێت، کە دێتەوە لە دەست نوێژ گرتنەکەی ئەبینێ لە تەلەفزیۆنەکەدا کەسێک (زاهیرەن مامۆستایەکی شیعە بووە) قسە دەکات و ئەوانەی کە لەوێدا دانیشتوون پێ دەکەنن، کاک ئەحمەد دەفەرمووێت بەچی پێ دەکەنن؟ ئەوانیش دەڵێن بە ئەو کەسە قسەیەکی ئاوای کرد، کاک ئەحمەد دەفەرمووێت: ئەوە خۆتان عەیبتان نییە بیر لە عەیبەکانی خۆتان بکەنەوە بۆچی بە عەیبی خەڵک پێ دەکەنن؟!)
- ✓ حەزی لەڕاشکاوی و صەراحەت بوو لەجیاتی لە پاش ملە ناوهێنان و غەیبەت.
- ✓ هەمیشە ئامادەبوو کە ئەوەی هەیەتی لە ڕێگای خوادا ببەخشێت (گیان و ماڵ)
- ✓ زیاتر بە ئەخلاق و کردەوەی جوان، ئاین و دینی دەگەیاند بە خەڵک.
- ✓ حەزی دەکرد بە هەر شێوەیەک بۆی دەکرێت دڵی خەڵک خۆش بکات، نمونە: ئێمە (علی و عەبدوڵا) چووین بۆ تاران بۆ خزمەتی، کە چووینە ژوورەکەی هەوڵی دەدا خۆشحاڵی خۆی دەرببڕێت بە بینینی ئێمە، هەر چەند زمانی شکابوو لەو وەختەدا نەیدەتوانی قسە بکات، بە زۆر هەوڵیدا کەمێک زەردەخەنە بگرێت و نیگەرانیەکەی ئێمە کەم بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی کە قسەمان لەگەڵدا بکات بەداخەوە!).
- ✓ خۆجیاکردنەوەی لەو کەسانەی کە پلەوپایەی دونیایان هەیە و دونیاییانە دەژیان، کاک ئەحمەد خەصڵەتی وابوو هەمیشە لەپێشەوە سواری ماشێن دەبوو لەپشتەوە نەدەبوو (وەک ئەو کەسانەی کە پلەو پایەیەکی هەیە لە پشتی سەیارەوە سوار دەبن)، حەز دەکەم ئیشارەت بدەم بە نمونەیەک: کاک فاروق گێڕایەوە کەوا جارێک سایەقی سەیارەکەم ئەکرد، دابەزیم لەولاوە دەرگای ماشێنەکەی بۆ بکەمەوە، دەرگاکەم کردەوەو ئەویش دەرگاکەی داخستەوەو فەرمووی فاروق وەرە سواربە، ئینجا لەبەر خۆیەوە ئەیفەرموو فاروق وا نازانی من ئەوەندە عاقڵم دەرگای ماشێن بکەمەوە دەرگای ماشێنەکەم بۆ دەکەیتەوە! حازر نەبوو لە هیچ شتێکدا لەو کەسانە بچێت کە مەقام و مەوقیعەتی دونیاییان هەیە، هەتا لە سواربوونی

لە ماشێنیشدا، یان لیباس لەبەرکردنیدا، هەمیشە لیباسی لە لیباسی خەڵکی تر جیا نەبوو، بەڵکو نزیک بوو لە هی فەقیرەکان، حازر بوو ئەوەی کە هەیەتی لە جیهاد و کۆشش بەکردەوە بیبەخشێت و دەیوت ئیسلام کردەوەیە نەک قسە.

- پێی عەیب نەبوو هەر کارێک ئەنجام بدات بە مەرجێک حەرام نەبوایە، بۆ نمونە: کابرایەکی فەقیر دووکانێکی بووە ڕوبەڕوی کوچەکەیان (لە سەردەمی لاویەتی و زەمانی شا دا)، ڕۆژێ کابرا گونیەیەک ئەشیای هەیە و ئەیەوێ لە بازارەوە بیبات بۆ دوکانەکەی، هەوڵ دەدات ماشێنێک بوەستێنێت و بیخاتە ناو ماشێنەکەوەو بیباتەوە، کابرا لە فکری ئەوەدا بوو هەر ئەوەندەی زانی کەسێک (حەماڵێک) گونیەکەی دا بەشانیدا و دەڵێ وەرە لەگەڵما، ئەویش ئیتر سەریع دەکەوێتە دوای، کە ئەگەنە جێ و دایئەنێت لە بەردەم دووکانەکەیدا تەماشا دەکات کە ئەم حەماڵە (ئاغا ئەحمەد)ە و کوڕی موفتیە (سنەیی قەدیم پێیان وتووە ئاغا ئەحمەد)..
- هەوڵی دەدا کە کاری خۆی خۆی ئەنجامی بدات، نەیدەخستە سەرشانی خەڵک حەتا لیباس شۆردن و شتە عامەکان، چونکە کاک ئەحمەد خێزانی نەمابوو، تەنانەت لیباسی منداڵەکەیشی خۆی دەیشۆری و حازر نەبوو هیچ ئەرکێک بۆ خەڵکی دروست بکات.
- دەم بە زەردەخەنە و چاوکراوەو ڕووخۆش بوو، زۆر جار شۆختشت دەکرد بەڵام لە چوار چێوەی پەسەندی دیندا، زۆر کات بە قسەی خۆش خەڵکی دەعوەت دەکرد بۆ لای دین، بۆ نمونە: (یەک نەفەر دێتەماڵیان زاهیرەن کابرا شەرابی خواردۆتەوە، کاک ئەحمەد دەیەوێت هەر بە شۆخی باسی خراپی کارەکەی بکات ئەفەرموێت: کاکە تۆ لە گوندو لادێ ژیاویت؟ ئەویش دەڵێت بەڵێ، دەفەرموێت ئاخۆڕت بینیوە؟ ئەویش دەڵێ بەڵێ، دەفەرموێت پاشئاخوڕیش دەزانی چییە؟ ئەویش دەڵێ بەڵێ دەزانم چییە، ـ پاشئاخوڕ ئەو گیایەیە کە حەیوانەکان نایخۆن و ئەمێنێتەوەو خراپە ـ، ئەفەرموێت: پێت ناخۆش نەبێ وا ئەڵێم خەریکە کەرەکە لەتۆ ژیرتربێ، ئەو ئەگەر شتێک خراپ بێت لەناو خواردنەکەیدا نایخوات و بە پۆزەی دەیخاتە کەنارەوەو ئەوەیە پێی دەڵێن پاشاخوڕ، ئەڵێن ئەو قسە کابرا ئەتەزێنێ و بێداری ئەکاتەوەو ئیتر بریار ئەدا تەرکی شەراب خواردنەوە ئەکات).
- خۆی خزمەتی میوانی دەکرد و ڕێزی زۆری لێ دەگرتن (من خۆم بینیومە چەندین جارخۆی پێڵاوەکانی میوانی ڕێک دەخستن).
- بەکردەوە کارێکی دەکرد کە بەرامبەر شەرم نەیگرێت و ئازادانە قسەی لەگەڵ بکات، بۆ نمونە: (برایەک منداڵێکی مرد بوو لە کرماشان، خێزانم (زەینەب) و چەند ژنێک دەچن بۆ لای خێزانەکەی، کە دەچنە ئەوێ ئەبینن دایکی منداڵەکە زۆر دەگریێ، یەکێک لەو خانمانە کە ئامادە ئەبن دەڵێت دادە فلان وا مەکە با کاک ئەحمەد نەزانێ پێی ناخۆشە و لێت نیگەران ئەبێ، زەینەبی خێزانی منیش موداخەلە ئەکاو دەڵێت کە دەبێ ئینسان کارێکی ئەنجامدا تەنیا لەبەر خاتری خوا ئەنجامی بدات وە ئەگەر نەیکرد دەبێ هەر لەبەر خاتری ئەو نەیکات، لەبەر دەستووری ئەو نەیکات، کە هاتنەوە من خۆم لەناو حەوشەکەدا وەستابووم (علی)، زەینەبیش حەزی کرد کە شتەکە خۆی باسی بکات نەک بەشێوەیەکی تر بۆی بگێڕنەوە، عەرزی کاک ئەحمەدی کرد، کاک ئەحمەد شتێکی ئاوا بوو لەو ماڵە کە چووین و من ئاوام ووت... ئەویش خێرا فەرمووی: کوڕە بتوتایە ئەحە خوێری چییە نیگەران بێت!!!).

- ✓ کەسێکی بناسیبایە بەهەر شێوەیەک، پارێزگاری لێ دەکرد بۆ ئەوەی لە بیری نەچێتەوە (وەختێ لە زیندان بۆ مەرخەسی هاتبووە دەرەوە تەماشا دەکەم لە وەختێک کە من قسەی لەگەڵدا دەکەم هەواڵی کەسانێک دەپرسێ کە ئیحتیمالی داوە کە من بیانناسم، لەبیری نەچوبوونەوە حەتا من عەرزم کرد کاک ئەحمەد گیان دوعای خێریان بۆ بکە فەرمووی بەخوا لە زینداندا لەبیرم بوون و دوعای خێرم بۆ کردوون.
- ✓ کاک ئەحمەد ئەیزانی کە ئێمە فیکری ئیخوانمان هەیە و بە فیکری ئیخوانیەوە کار دەکەین، وە کاتێکیش لە ماڵی کاک ئەحمەد بووین لە کرماشان، هەر ئەو فیکرەمان هەبوو جەلەساتمان هەبوو، هەندێ جار دەیفەرموو ئەگەر کارەکانتان تەواو بوو حەز دەکەم دیدەنێکتان بکەم، ئەمەش جگە لەوەی بەمانای قبوڵی فکرەکەیە، وا دەزانم گەورەییەکی زۆرە کەسانێک بە فیکرەیەکی ترەوە لەناو ماڵەکەیدا کاری حەرەکی بکرێ و لێی قبوڵ بکرێ، و رێگری نەکات، بەڵکو زۆریشی پێ خۆش بوو.



## مامۆستا عەبدوڵا ئێرانی:

## هەندێکی تر لە گەورەیی ئەم زاتە:

## وەک تەئکید و ئیزافەی ئەو باسەی کاک عەلی:

- ❖ کاک ئەحمەد یەکێک بوو لەو کەڵە پیاوانەی لە بواری ئەخلاقیدا سەرمەشق بوو، چونکە ئەخلاقیات سیمایەکی مەعنەویە کە ئینسانی مسوڵمان خۆی پێ نیشان دەدات لەناو کۆمەڵگەدا، ئەم پیاوە هەوڵی دەدا لە قاڵبی عەمەلیدا خۆی پیشان بدات، زاهیرسازی و نمایشی پێ دروست نەبوو، مەسەلەن کاک ئەحمەد شەونوێژی بوو، لە رەمەزاندا کاتێک شەونوێژەکەمان بەشێوەی تەراویح ئەنجام دەدا، بەڵام لە رەمەزاندا لەناو حەوشەکەی مزگەوت یان حەوشەی ماڵەکەی کرماشاندا کە ئێمە تەراویحمان دەکرد، دوایی کاک ئەحمەدمان دەبینیەوە تا کاتی پارشێو خەریکی شەونوێژ بوو بەئارامی لەسەرخۆ و، لە غەیری ئەوە زۆرکات هەوڵی ئەدا کە قورئان خوێندنەکانی بەشێوەیەک بێت کە خەڵک پێی نەزانێت، مەسەلەن گڵۆپێکی بچوکی دەگرت بە دەستەوەو بوو دەیخوێند و، عەمەلەن خەریک بوو کە چۆن پەرستشی خوا بکات، لە عەینی کاتدا مەبەستی بوو موراعاتی حقوقی ئەو کەسانە بکات کە لەو ژورەدا خەوتوون، بە ئارامی و بە دڵ قورئانەکەی دەخوێند، دەنگی بەرز نەدەبۆوە بە شێوەیەک کە خەڵکی پێی بزانن یا ئیزعاجی کەس بکات، (هەرچەند خوا وای دەکرد کە خەڵکی پێی بزانن بۆ ئەوەی سەرمەشقێک بێت بۆ خەڵک)..
- ❖ کاک عەلی لەسەرەوە باسی ئازایەتی کاک ئەحمەدی کرد، بەڵێ هەر وابوو کاک ئەحمەد زۆر ئازا بوو نەترس بوو، بوێریەک لە کاک ئەحمەددا بینراوە مەگەر لە سەیدقوتب دا بینرابێت و بیسترا بێت لەم زەمانە تازەدا، ئەیفەرموو لە قاڵبی شۆخیدا خوا لەو فەزیلەتی ترسە منی بێبەش کردووە!!

له دوای ئەو جەلەسەی شورایە کە لە کرماشاندا گیرا، سەرەنجام وا گونجابوو کە ئیتر جەلەسەی شورای شەمس نەگیرێت، دۆخەکە ئاشکرا بوو کە دژوارو نارەحەتەو ئەگەری سەرنەگرتنی هەیە، ئێمە چووین بۆ پاوەو چوینە جزمەتی مامۆستا صلاح بۆ مەشۆرەت لەم بارەوە، ئا ئەم کەلیمە قسەی مامۆستا صلاح الدین بوو فەرمووی: کاک ئەحمەد فەنا (فی الله)یە کەسێک کە فانی بێ لەبەر خوا، ئیتر دیارە غەیری خوا هیچ کەسی تر نابینێت و بەو شەجاعەتەوە کار ئەکا و باکی لە هەچ نییە!!).

- ❖ نرخاندنی نیعمەتە خواییەکان کە کاک عەلی ئیشارەتی پێکرد منیش هەر پەیوەستی دەکەم بە نمونەیەک: (کاک ئەحمەد جارێکیان تەشریفی لە ماڵی ئێمەدا بوو دەعوەتمان کردبوو بۆ ماڵی خۆمان لە ژورەکەی ئێمەدا بوو، لەم ڕۆژەدا نانەکەمان وردبوو نانی ساغمان نەبوو، من مەعزەرەتم هێنایەوە وتم کاک ئەحمەد گیان ببەخشە نانەکەمان وردەیە، فەرمووی: کاکە گیان ئەم نانە خوا بۆچی دروستیکردووە؟ نانی بۆ ئەوە دروست کردووە کە ئینسان تێر بکات، دەی ئەم نانەوردە ساغیش بێت خۆ هەر تێرکردنە و وەزیفەی خۆی ئەنجام دەدات، ئێمەین کە وەزیفەی خۆمان ئەنجام نادەین، ئێمەی بەشەر قەدر نەناسین و وەزیفە نەناسین)..
- ❖ نمونەی تر: (لەناو حەوشەکەدا کاتێک کە دەستنوێژی دەگرت کە ئاوی دەکرت بۆ ئەوەی دەموچاوی بشۆرێ ئاوەکەی دەکردە ناودەستی و بە پەنجەیەکی بەلوعەکەی دەگرتەوەو ئینجا ئیستفادەی لێدەکرد بۆ دەستنوێژ، تا لەو فاسڵەدا ئەو ئاوە بەهەدەر نەچێت..! زۆر کات بینیومە تۆزێک برنج یان بروێش یا بەتاتە، ئەو بەشە کەمەی دەخستە ناو پیاڵەیەک یان پارویێک، جاری وا هەبوو کەوچکێک نەبوو ئەو خۆراکەی کە مابووەوە ئەیکردە ناو خۆراکێکی تر، دەیفەرموو لەگەڵ ئەودا دەخورێ بۆ ئەوەی خەسار نەبێت و ئیسراف نەبێت، خۆراکی ماڵی کاک ئەحمەد خۆراکێکی زۆر ئاسایی بوو زۆر زۆر عادی بوو بەشێوەیەک بوو کە بۆنی ئەشرافیەتی موتلەقەن پێوە نەبوو، وەها نەبوو کە هیچ فەقیرێک نەتوانێ دروستی بکات، بەڵکو خۆراکی ماڵی فەقیرەکان بوو، ئەسڵ ئەوەیە دەبێت ئینسان هەوڵ بدات لە چینی ناوەڕاستدا بێت، باوەر بکەن کاک ئەحمەد لە نەوعی ژیاندا زۆرکات خوارتر بوو لە چینی فەقیر لەبەرئەوە بروێش و شتی دروست دەکرد یان شۆربا، ئەو شۆربا وای لێدەهات دانەیەک لەو بروێشە نەمابوو تیایدا بێت ساغ و سەلیم بێت گشتی ورد ورد دەبوو لەناو ئەو قابلەمەدا، دوایی دەیفەرموو دەزانن ئەمە چییە؟ (ئاو گۆشتی گۆشت نامەردی)یە.. لە شعرەکانیشیدا هەیە کە دەیفەرموو:



**ئەی خەڵکی هەژار بە ژەهری مارم بێ**

**ئەگەر بێ حەسرەتی ئێوە ڕۆژێک ببەمە سەر**

**بێ حەسرەتی دڵی منداڵی تامەزرۆ**

**سیپاڵی شرت هەژار هەزار تف لە بەشەر**

کام بەشەر! دیارە ئەو بەشەرەی کە فەقەت دەخوات و ئەخەوێت ڕائەبوێرێت، وە بە دەگمەنیش خەیاڵی فەقیر و هەژار ناکات.

- زۆر زاهید بوو، لە تاراندا لە بیرم دێت کاک ئەحمەد دەیتوانی زۆر بە شێوەیەکی ئەشرافی بژیت، ئاخیر ئەمەی کە ئینسانێک نەیبێ و نەتوانێت دەوڵەمەندانە و ئەشرافانە بژی هەر مەجبورە فەقیرانە بژیت، بەڵام ئەو دەیتوانی وا نەژیت بەڵام وا دەژیا! گرنگییەکەی لەویایە.. ڕۆژێک لە شوێنێک دەبێت لەدانشگای تاران وتار ئەدا، کاتێک دەست بەرز دەکاتەوە دەبینن لای باڵی کۆتەکەی (چاکەتەکەی) دڕاوە، پێی دەڵێن کاک ئەحمەد گیان کۆتەکەت دڕاوە، ئەویش دەفەرموێت قەیناکا ئەگەر ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە دەیدورمەوە، لەحاڵێکدا خۆ هەر ئەوەندەی ئیزنی بدایە کە لیباسێکی جوان بکاتە بەری وەکو ئەشرافەکان جوانترین لیباسی ئەو ڕۆژەیان بۆ دروست ئەکرد، بەڵام حەزی ئیختیاری ئەو جۆرە ژیانەی کردبوو بۆ ئەوە لەگەڵ قسەکەی خۆیا لەگەڵ عەقیدە و بیروباوەڕی خۆیدا میصداقیەتی ببێ، ئەو نەوعەی لە ژیانی هەژاانەی ئینتخاب کردبوو..
- لە کاتێکدا کە ددانەکانی زۆر خراپ بوون وتیان کاک ئەحمەد با بچین ددانت بۆ دروست بکەین، فەرمووی بەخوا کاکە گیان من ددان بۆ دنیا تیژ ناکەمەوە هەر ئەمە باشە تا ئەوە مابێ من ددان چاک ناکەمەوە! ئەوەبوو دوایی کە ددانەکانی پەکیان کەوت و ناچار بوو بەزۆری دۆست و ئاشنایان تاقمێک ددانی خستە دەمیەوە.
- مەحەبەت یەکێک بوو لەو شتانەی کە بەسەر حەیاتی کاک ئەحمەددا، بەسەر سیما و هەڵسوکەوتیدا باڵی کێشابوو، خۆ مەحەبەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەسنورێکی سەیردابوو، هەمووان لەسیسیەکان و وتارەکانیدا دەیبەنن و، هەروا مەحەبەتی خوا هەمووان دەیبینن، لە شیعرەکانیدا خۆر دیارە، بەڵام ئەو مەحەبەتەش کە بۆ چینی هەژار بووی باس ناکرێ، وە ئەو نمونانی بۆ نرخاندنی نیعمەتەکان کە باسمان کرد، گەورەیی ئەم زاتە لەوا بوو لە واقیعدا خۆی ئەە/ێنایە ئاستی خەڵکی هەژار و ژیانێکی هەژارانەی ئیختیار ئەکرد، نەک ئەوە کە هەژارو ناچار بێ، (جارێکیان هەندێ گێلاسیان هێنابوو بۆ ماڵی کاک ئەحمەد، من خۆم لەناو مەوزوعەکەدا بووـ برادەرێک هێنابووی بۆی، من عەرزی کاک ئەحمەدم کرد کە ئەو برایە دوو سێ کیلۆ گێلاسی هێناوە بۆ ئەوەی جەماعەت بیخوات، کاک ئەحمەد دەست و قۆڵی هەڵکردبوو بچێت دەستنوێژ هەڵبگرێت و فەرمووی: بەخوا برا من لەو گێلاسە ناخۆم، داخۆ ئەمرۆ چەند منداڵ بەلای ئەو گێلاسەدا تێپەڕ بوون و دەستیان کێشابێ بە کراسەکەی دایکیانا کە دایکە ئەو گێلاسەمان بۆ بکڕە، دایکەکە ئاهێکی هەڵکێشاوە نەیبووە بۆی بکڕێت؟! ئێستا من بێم گێلاس بخۆم (واللە) من ئەو گێلاسە دەکەم بە ژەهری مارم!!)

- لە کرماشان بووین لە خزمەت کاک ئەحمەددا چوین بۆ سەیرانی (بێستون)، مامۆستا بورهانیش تەشریفی لەوێ بوو، کاک ئەحمەد قسەی خۆشی زۆر دەکرد، کاتێ کە گەیشتینە دەشتەکە فەرمووی: کاکە گیان من سایەقی دەشت و دەرم و ماشینەکە بدەن بە دەست منەوە، ئیتر لەوێوە ئەو سەیارەکەی لێخوڕی و تا سەیارەکەمان لە شوێنێک ڕاگرت و هەڵگەڕاین بەسەر بێستوندا، گەیشتین بە بەچکە چۆلەکەیەک، ئەم پیاوە گەورە لایدا بۆ لای ئەو بەچکە چۆلەکە، ئەسڵەن دەتووت بەتایبەت بۆ لای ئەو بەچکە چۆلەکە هاتووە، ئەیدواند: بەچکە گیان، چاوەکەم، ئەزیزەکەم، ئەی ڕۆڵە گیان، لەو کاتەدا من بە دیقەت تەماشای چاوی کاک ئەحمەدم دەکرد، خوا دەزانێت چاوی پڕ بووبوو لە ئاو، فرمێسکی مەحەبەت لە چاوی ئەو پیاوە ئەچۆڕا، کەوتبووە دنیایەکی تر.!!

- جارێکیان دوو منالٚ دەبینێت لە (سنە) ئەزیەت و ئازاری بەچکە پشیلەیەک دەکەن، ئەچێ بۆ لای منالەکان و پێیان دەڵێت: کاکەگیان ئەویش گیانی هەیە و ئەویش ئازاری پێ دەگا و هەستی پێ دەکات، بەهێواشی کاک ئەحمەد گوێچکەی ئەو منالە دەگرێت و ئازارێکی کەمی ئەدات، منداڵەکەش هاوار دەکات ئای گوێچکەم ئای گوێچکەم، کاک ئەحمەد بە منداڵەکە ئەڵێ، ئەها رۆڵە ئازاریشم نەداوی وا هاوار ئەکەی، ئەو بەچکەش ئێشی پێ دەگات، بەڵام زمانی نییە هاوار بکات بڵێ بۆچی ئەزیەتم ئەدەیت؟! دە وازی لێبێنن..
- زۆر مەحەبەتی خەڵکی بوو، هەروا زۆر هەست بە مەسئولییەتی هەبوو، ئەمە ئەوپەڕییە کە کاک ئەحمەد لە قسەکانیدا هەیە، وایش دەزانم قسەکانیشی بە ریکۆرد کراوی هەیە کە ئەیفەرموو ئەگەر کەسانێک بەهۆی عەمەلێکی منەوە لەڕێی سەحیح و دروست دەرچوون و چونەتە لایەن و فکرێکی خراپ و بێ باوەڕی، من حازرم لە جێی ئەوانە بچمە جەهەننەمەوە (واتە سزای ئەوان بدرێم لە دۆزاخدا)، ئەگەر خوا ئەم کارە بکات حازرم لە جێی ئەوان سزای جەهەنەم بخۆم، بەڵام نە بە توڕەیی خواوە، بەڵکو لەسیاقی ماف و بەرپرسیاریەتی و ئیسار، چونکە توڕەیی خوایی هیچ کەسێک ناتوانێت تەحەمولی بکات..
- کاک ئەحمەد لە کاروباری دەعەویدا موجتەهیدێکی ئوسولناسە و یەکێکە لە پایە گوزارانی، کە ئەتوانم بڵێم ئەگەر وەختێک کاک ئەحمەد بنرخێنین لە کاروباری حەرەکیدا، ئەبێ کاک ئەحمەد لەو کەسانە دابنرێت کە مەبانی و ئوسوڵ فیقهی حەرەکیان دامەزراندووە، ئەگەر کەسێک پێی وایە کاک ئەحمەد خیلافی ئەو قاعیدە فیقهیە قسەی کردووە کە دەڵێت (ئیسار لە قوروباتدا نییە) یەعنی هەر کەسەو حەز دەکات بچێتە بەهەشتی خواوە، ئەویش خۆ لەو بابەتەی سەرەودا نەیفەرموو نەچمە بەهەشت، بەڵکو فەرموویەتی موجازاتی ئەوان بدەمەوە ئەو وەختە بچم، یەعنی عەمەلەن حەزیکردووە کە ئەوان بچن بەر لە خۆی!
- ئەم پیاوە قێز و بێزی لە هیچ شتێک نەدەکرد، لەبەر ئەو سۆزو مەحەبەتەی هەیبوو بۆ هەمووکەس، جارێک کابرایەکی مەشروبخۆر دەبینێت کە مەست بووە لە ڕێگای قەبرستانێکدا کەوتووە بە عەرزدا، باوەشی پیا ئەکات و دەیخاتە ناو جێبەکەی خۆی و ئەیباتەو بۆ ماڵەوە، چون دەزانێ لەوانەیە بەم شیوەیە لێرە بێت زەربەەکی توش ببێت، لەماڵەکەی خۆیاندا جوان دەم و چاوی دەشوات و لیباسەکانی خۆی (لیباسی کاک ئەحمەد) لەبەر دەکات و لیباسەکانی پیاوە مەشروب خۆرەکە جوان دەشوات، کە بەیانی هەڵدەستێت و تاعەجوبی لێ دێ و دەڵێ: ئەمە چیە ئاغا ئەحمەد من چۆن هاتووم بۆ ئێرە؟ کاک ئەحمەدیش دەڵێ بۆ تۆ نەتدەزانی کە میوانی ئێمە بووی و لێرە زۆر خەوت دەهات و جێ و شتم بۆ ڕاخستیت و خەوتیت؟ ئەویش هێواش هێواش ئەکەوێتەوە بیری کە شەو چ پەندێکی داوە، ئینجا ئەڵێ بەخوا ئاغا ئەزانم وا نییە، توخوا پێم بڵێ چی بکەم بۆ ئەوەی وەک تۆم پێ بکرێت، ئەوەندە بە ئەخلاقیاتی کاک ئەحمەد سەرسام دەبێت تەوبە ئەکاو دوایی ئەبێتە پیاوێکی زۆر باش.
- زۆر زۆر دژی زالم بوو. بۆ نمونە ئەگەر جنێوێکی پێ بدرایە زۆر بەلایەوە کەمتر بو کە بە یار و پشتی زاڵم ناوزەد بکرایە، زۆر قێزی لە زوڵم ئەکردەوە هیچ کەسێک ئەوەندەی ئەو تەنەفوری لە زەڵم و ستەم نەبوو.
- تەوازوعەکەی بێ وێنە بوو، من خۆم چومەتە ماڵی لەساڵی ١٩٥٦–١٩٥٧ دا بوو، کەس نەبوو لەماڵەوە خزمەتی کاک ئەحمەد بکات، بگرە بە پێچەوانەوە خۆی خزمەتی خەڵکی دەکرد، من کە فەقێیەک بووم و چوومەتە خزمەتی هەستا و

خۆراکی دروستکرد و دۆخەوای لێنابوو بەیەکەوە دانیشتین و بەعزێ سوئالاتم بوو جەوابیشم لێی وەرگرت، شێوازی مامەڵەی وابوو وا تەماشای دەکردم کە من و ئەو لە یەک ئاستین، یان جاری وا هەبوو زۆر خۆی بە کەمتر دەزانی لە خەڵکانی تر، مەسەلەن لەگەڵ منداڵدا منداڵانە قسەی دەکرد و کردارەکانی دەکرد منالانە، بەجۆرێک کە ئەو منالانە ئەو وەک منالێکی هاورێی خۆیان تەماشا بکەن. دڵخۆشی دەکردن و شادی دەکردن، لەگەڵ چینی فەقیر و هەژاریشدا هەر وابوو، وەها نەوو کە مامۆستایەک چۆن مامەڵەیەک بکات لەگەڵ تەلەبەکانی یا گەورەیەک لەگەڵ بچوکترەکان.

- ئەم پیاوە نەجابەت و لوتفی لێ ئەتکا، بەردەوام و لەگەڵ هەموو کەس، نەک هەر بژاردە و نوخبە، بەڵکو لەگەڵ عەوامی خەڵک، بۆ نمونە ئەو چاکی و ڕێز و مەحەبەتەی کاک ئەحمەد ئەینواند لەگەڵ دایک و باوکی هەموومان، تا ڕۆژی قیامەتیش هەر مەمنونین و سوپاسی دەکەین، ئەوەندە بەڕێز و باش بوو لەگەڵیاندا، لە کاتێکدا دایک و باوکی ئێمە خوێندەوار نەبوون و هیچ حقوقێک لەبەینیاندا نەبوو، کەچی ئەو پیاوە زۆر بەڕێزەوە سەیری دەکردن.

## مامۆستا علی رەحمانی :

- ✓ ئەمەوێ راستیەک روون بکەمەوە: کاک ئەحمەد وا مەشهور کراوە کە زۆر دژی مەلا بووە و قسەی بە مەلا وتووە، ئەمە راست نیە و بێ ویژدانییە، چونکە هەمیشە لە قسەکانیدا کاک ئەحمەد مەلای باش و ئینسانی باشی جیا کردۆتەوە لە ئینسانە خراپەکان، جارێک وا ئەزانم لە دوای جەلەسەکەی شورای شەمس بوو، مامۆستا عەبدوڵا عەرزی کرد: کاک ئەحمەد ئەو کۆمەڵگەیەی ئێمە مامۆستای دەوێت ئێمە پێمان خۆش بێت یان نا ئەو خەڵکە نیازی زەرووری هەیە بە مامۆستا، ئەبێ مامۆستا ببێ، ئێمە چۆن دەتوانین بڵێین مامۆستا فلانە کەس لاچۆ! دەی کە لاچێ دەبێ شوێنی پڕبکەیتەوە، بەڵام بە فەهمێکی صەحیحەوە.. لەبیرمە ناوی چەند مامۆستایەکی برد کە ئێستا هەندێکیان وەفاتیان کردووە خوای گەورە لێیان خۆش بێت و دەرەجەیان عالی بکات، کاک ئەحمەد فەرمووی بەخوا کاک عەبدوڵا من ئەوە دەزانم خۆێشم کەوتوومەتە بیری ئەوە، ئەگەر خوا حەز بکات و تەمەن باقی بێت حەز دەکەم ماڵەکەی خۆم بکەم بە مەدرەسەیەکی دینی، وە ئەگەر کاک ناصریش بە وێم بکات حەز دەکەم بچێ بۆ ئەوێ مامۆستا بێت، ئەمە دیدی کاک ئەحمەد بوو لەسەر مەسەلەی مامۆستایەتی و مەلایەتی و زۆر بەلایەوە گرنگ بوو، قسەی لەسەر بەعزێ بەناو مامۆستا بوو کە مەلایان ناشیرین کردبوو، کاک ئەحمەد لەگەڵ مەلا خراپەکاندا ڕووبەڕوو دەبۆوە، نەک لەگەڵ مامۆستای باشدا، هەتا چەند مامۆستای باش هاتوچۆی کاک ئەحمەدیان ئەکرد، ئەمە خاڵێک بوو کە وا شایەع کراوەو وا دەزانن کاک ئەحمەد کێشەی لەگەڵ هەموو مامۆستاکاندا هەبووە! نەخێر وا نەبووە و ئەوە بە هەڵەدا چوونە.

- ✓ لەگەڵ ئەوەی کاک ئەحمەد لە جیهەتی عیلمی و خوێندەواری و تەمەنەوە لە ئێمە گەورەتر بوو، بەڵام قبوڵی کردبوو کە ئێمە فیکرێکی جیاوازمان هەیە و بە فیکرێکی ترەوە خەڵک دەعوەت دەکەین بۆ لای دین، ئەوە لەراستیدا مانای ئیحترامی فکرەکەبوو، هەرچەند ئەوە مانای ئەوەش ناگەیەنێ کە ڕێزی جۆمانی نەدەگرت، ئێمە لەو وەختەدا لە ئەسفەهان بووین لەساڵی (١٣٥٨)دا کاک ئەحمەد تەشریفی هانی بەتایبەت بۆ ئەوێ، کە چەند ڕۆژێک مایەوە لەوێ، زۆر لوتفی هەبوو

بۆمان و لەزەتمان لەهاوڕێیەتی و خزمەتی برد، کاک ئەحمەد خۆی و کاک (هادی موڕادی) و کاک (حمەژیان)ی کوڕی و کاک (سەعدی) بوون لە خزمەتیدا، جەلەساتێکی تایباتی بوو ئێمە لەخزمەتیدا بووین)، (عەلی و کاک ئیبراهیمی مەردۆخی و مامۆستا عەبدوڵا و کاک حەسەنی حسێنی) ئەمانە بە خسوسی لەخزمەتیدا دانیشتین، باسی ئایندەی کوردستان و ئایندەی حەرەکەت و دەعوەمان کرد، کاک ئەحمەد فەرمووی: کاکە من بێ ئێوە کارم بۆ ناکرێت لەناو کوردستاندا، ئێوەش بێ من هەروا، ئا ئەوە کەلیمەی بوو، بۆیە ئەڵێم: (کاک ئەحمەد لەناو جۆگەلەو روباری مەزاهیب و حەرەکات و جەماعەتەکاندا جێگەی نەدەبووەوە، بەڵکو لەناو دەریای ئیسلامدا بوو)، یەعنی تەسەور بکەن خۆی هێنایە ڕیزی ئێمە کە ئێمە ئەو وەختە لە جیهەتی تەمەنی و عیلمیەوە زۆر مناڵ بووین لەچاو ئەودا، ئەو وەختە ئێمە تازە دەستبەکاربووین چەند ساڵێکی کەم بوو، لەحاڵێکدا کاک ئەحمەد لە (١٣٤٢)ەوەوە دەستبەکار ووبوو لەو بوارەدا.

- ✓ کاک ئەحمەد هیچ وەختێک ئامادە نەبوو بە قسەی یان بە هەڵسوکەوتی ئەزیەتی خەڵک بکات، حەتا عەکسولعەمەلێک پیشان بدات، بۆ نمونە (کابرایەکی جوانڕۆیی دێت بۆ خزمەتی لە کرماشان، دەڵێ کاک ئەحمەد من زۆر زۆر قسەم پێ وتووت، هاتووم لێرە گەردنم ئازاد بکەیت، کاک ئەحمەدیش دەفەرموێت: قسەت بۆ پێ وتووم کاکە؟ ئەڵێ (واللە) وتوویانە کوردفرۆشی منیش لەبەرئەوە قسەم پێ وتوویت، ئەویش دەفەرموێت: کاکە تۆ جنێوت بە کورد فرۆش داوە خۆ من کورد فرۆش نیم، بۆیە هیچم لات نیە تا گەردنت ئازاد بکەم.! بەم شێوە کابرا لەو حەرەجە رزگار ئەکات و حازر نابێ ئەو منەتە بکا بەسەریدا.!)..

- ✓ کاک ئەحمەد جارێکیان دەچێت بۆ دادگا تەماشادەکات یەکێک لە ناسراوەکانی دەستی بە دەستی پۆلیسێکەوەیە ئەیانوێت ببەن بۆ زیندان، ئەپرسێ چییە؟ دەڵێ وەڵا زەرەرێکی ماڵیم کردووە و ئێستا دەیانەوێ بمبەن بۆ زیندان، ئەم نەفەرە خاوەن پوڵەکەیە منیش پوڵم نییە پێی بدەم، داوا ئەکات لە پۆلیس بیوەستێنن تا من دەچمە دەرەوە پوڵەکەی بۆ پەیدا ئەکەم، دەچێتە ماڵەوە فەرشێکیان دەبێ لەماڵەوە ئەیەنێت بەشانیەوەو دەیفرۆشێت و، پوڵەکە دەدات بە خاوەن قەرزەکە و کابرای دۆست رزگار ئەکات لە سزا..!)

- ✓ لە مەسەلەی دەستنوێژ گرتندا ئاوێکی زۆر کەمی سەرف دەکرد، کاتێ ئاوی دەکردە دەستی ئاوی بەلوعەکەی دەگرتەوە، نەزەری وابوو ئەوە نیعمەتی خوایە نابێ بەخەسار بچێ، پیاوێکی چریک فیدایی کە لەگەڵ کاک ئەحمەد دوو ساڵ لە زینداندا دەبێت، ئەو لەیاداشتەکانیدا دەیگێڕێتەوە کە وەک خۆی باسی کردووە دوای ئەوەی ئاشنایی لەگەڵ مامۆستادا پەیدا دەکات ئیسلامەتی لا شیرین ئەبێ و پابەند دەبێت بە دینەوە، جا دەڵێت یەکێک لە کارەکانی کاک ئەحمەد لە زیندان ئەوە بوو کە دوای ئەوەی خەڵک ئەخەوت دەهات هەموو بەلوعەکانی دەبەستەوە بۆ ئەوەی ئاو بەفیڕۆ نەچێت، دەیفەرموو ئەوە نیعمەتی خوایە نابێ بەخەسار بچێت، جا هەر ئەو نەفەرە لە گێڕانەوەکەیدا دەڵێ: خۆشترین چیرۆکی زیندانم ئەوەبوو کە لەسەر بینینی ئاغای موفتی زادە ئەشکەنجەدراوم، جا هەر ئەو پیاوە دەگێڕێتەوە دکتۆر شیرازی بووە لە

زیندانداا نانه وردەی بۆ مێرولەکان هەڵڕشتووەو دایناوە ئەڵێ، وتوویانە ئەوە چی دەکەیت؟ وتوویەتی ئەمە لە ئۆستادەکەمەوە فێربووم لە ئاغای موفتی زادەوە..!

- ✓ حەز دەکەم ئەوەش باس بکەم یەک نەفەر بووە لەو شارە حەز ناکەم ناوی ببەم، زاهیرەن زۆر لات و چەتوون بووە، هەتا دەگێڕنەوە لەو کۆڵانانە وەستاوە بە چەقۆوە، لەو کاتەدا هاوڵاتیان نەیانوێراوە لەوێوە بڕۆن، ئەم نەفەرە لەساڵی (١٣٥٨)و ئەوانە، (من خۆم بینیومە هموو باڵی کوترابوو بە خاڵ) خوای گەورە هیدایەتی دەدات و تۆبە دەکات، دەچێ بۆ مزگەوتێک نوێژ بکات، کە دەچێ لەو وەختەدا دەستنوێژ بگرێت ماموستای مزگەوتەکە دەڵی ئەوە چی دەکەیت؟ دەڵێ دەستنوێژ دەگرم، دەڵێ یەڵایەڵا برۆ تۆ دەستنوێژت دروست نییە بەو خاڵانەی سەردەستەوە، بە دڵشکاوی ئەچێتە دەرەوە لە مزگەوتەکەو زۆر نائومێد دەبێت، هەتا دەڵێن بەدەم خۆیەوە قسەیەکی خۆشی وتووە گوتویەتی ئاخ بۆ زەمانی شەڵاتیەکەم هەر تەنها یەک زڵلەم لێ دابایە، دوایی لای کەسێک باسی دەکات و ئەویش ڕێنمایی دەکات بچێت بۆ لای کاک ئەحمەد لە کرماشان، (لەو وەختەدا کاک ئەحمەد لە کرماشان دەبێت)، کاک ئەحمەدیش بەو مەحەببەتە جوانەیەوە ئیستقبالێکی زۆر جوانی لێدەکات و زۆر بە گەورەیی و بەجوانی پێشوازی لێدەکات و نیگەرانیەکانی لەبیرئەباتەوە، دوایی دەیەوێ کە دەستنوێژ بگرێت، کاک ئەحمەد پێی دەڵێ کاکە گیان ئەوە دەستنوێژ دەگریت؟ دەڵێ ئەرێ وەڵا دەستنوێژ دەگرم، دەچێ پەلاماری ئەدا هەر لە ئەوەڵی دەستی تا ئەنیشکی ماچ دەکات.! جا وەرە سەیری ئەم دوو هەڵسوکەوتە بخە تەنیشت یەک و بەراوردیان بکە؟! ئیتر ئەو کەسە پیاوێکی زۆر چاک و فیداکار بوو، لە ساڵی ١٣٦٢ لەگەڵ برایانی مەکتەبدا دەستگیرکراو ئەو چەند ساڵە لە زینداندا بوو، تا لەم ساڵانەی دواییدا وەفاتی کرد خوای گەورە لێی خۆش بێت..

- ✓ کاک ئەحمەد دەیفەرموو دەبێ پێش دەعوەت بە دوو شت زەمینە فەراهەم بێت، ئەویش یەکەم مەحەببەت بێت، دووەم خزمەت، ئەو دوو شتەی وەکو پێشەکی بۆ دەعوەت دانابوو و، عەمەلەن خۆی ئەوەی زۆر بەباشی دەبرد بەڕێوە..
- ✓ جارێکیان نەفەرێک دەنێرێت بۆ دوکانی کتێب فرۆشی بۆ ئەوەی کتێبێکی بۆ بهێنێت، ئەو وەختە پێش ئینقلاب کە دەچێت مەجموعەیەک ماموستا لە کتێب فرۆشیەکە دانیشتوون قەیسی دەخۆن (یەکێکیان ماموستا مەلا فەیزوڵای مورادی باوکی کاک هادی ئەبێ)، دوکانەکەش وابووە خەڵک بە بەردەم دوکانەکەدا ڕۆیشتووەو ئەمانیش قەیسیان خواردووە، کە نەفەرەکە دەچێت و دەڵێت من هاتووم بۆ فلان کتێبە و ئاغا ئەحمەد منی ناردووە، ماموستاکان داوای لێدەکەن و دەڵێن وەرە کەمێک قەیسی بخۆ، دەڵێ ناخۆم، دەڵێن بۆچی ناخۆیت؟ دەڵێ ماموستا پرسیارێکتان لێ دەکەم، ئایا دروستە بە بەرچاوی ئەو خەڵکەوە قەیسی دەخۆن، خۆ ناتوانن بەشی ئەو خەڵکە بدەن و ئەو خەڵکەش دەیبینێت، ماموستا مەلا فەیزوڵا ئەڵێ وەڵا ڕاست دەکەیت کاکە گیان، بەخوا دەبوایە لەبەر چاوی ئەو خەڵکە ئێمە قەیسیمان نەخواردبایە، چونکە نیمانە بیدەینە هەموو ئەو خەڵکە و، ناشتوانین هەمووان بانگ بکەین بۆ دوکانەکە وەڵا ڕاست دەکەیت کاکە، یەکێک لە ماموستاکان دەڵێت کاکە ئەوە کێ ئەو شتەی فێر کردوویت؟ دەڵێ ئەوە ئاغا ئەحمەد ئەوەی فێرکردووم.!!

- ✓ ئێمە مامۆستا موفتی زادە بە مەعسوم نازانین هەروەکو خۆیشی خۆی بە مەعسوم نەزانیوە و زۆر قسەی هەیە لەو بارەوە لە حەقیقەتدا، بەڵام من وا تەسەور دەکەم بۆ گەورەیی ئینسان ئەوەندە بەسە ڕەخنەکانی بژمێردرێن، ئەوە دەلالەت دەکات لەسەر ئەوە کە ئەو کەسە زۆر گەورەیە، وە من وا دەزانم کە کاک ئەحمەد یەکێکە لەو گەورانەی مێژوو..

- ✓ ئەگەر بمانەوێ بەدرێژی و بە باشی باسی کاک ئەحمەد بکەین دەبێ باسی بنەماڵە دیارەکەیان لە کوردستان بکەین و باسی ئەو زەمانە بکەین کە کاک ئەحمەد تێدا ژیاوە، لە بارەی سیاسیەوە، لەبارەی ئیجتماعیەوە، لەبارەی ئیقتێسادیەوە دەبێ هەموو ئەوانە باس بکرێت، دەبێ باسی کوردستان و حەرەکاتی کوردی بکرێت، و دەبێ باسی ژیانی ئەو کۆمەڵگایە بکرێت کە کاک ئەحمەد تێدا ژیاوە لە زۆر لایەنەوە، چونکە ڕۆڵەی ئەو کۆمەڵگایە بووە، دەبێ باسی ئەو کەشوهەوا عیلمیەی سەردەمی ئەوکاتەی کوردستان بکرێت، باسی حوجرە و مامۆستایانی ئەو رۆژگارەو دەور و دەرس و شێوەی خوێندن و زۆر شتی تریش دەبێ باس بکرێت لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی، کە ئەوە تەنها کاری چەند کەسێک نییە، بەڵکو دەبێ دەزگایەک و سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە ئەو کارە بکات. باسی کاک ئەحمەدی مامۆستا، کاک ئەحمەدی موفەکیرو بیرمەند، کاک ئەحمەدی نمونەی ئەخلاق بەرزی، کاک ئەحمەدی دامەزرێنەری مەکتەبی قورئان، کاک ئەحمەدی دڵسۆز بۆ خەڵک، کاک ئەحمەدی سومبولی دلێری و ئازایی و نەبەزی، وە کاک ئەحمەدی هەژار لاوێن، کاک ئەحمەدی سەرکردەو هەڵکەوتو و رابەر، کاک ئەحمەد بە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەوە چووەتە ناو تاریخەوە و لەداهاتووشدا نەوەکان باسی دەکەن، ان شاواللە هەر بەو زەخیرە پڕەوە چووەتەوە حزوری پەروەردگاری دلۆڤان (ولا نزکی علی الله احدا).

## مامۆستا عەبدوڵا ئێرانی

- ❖ ئێمە کە لە کرماشاندا بووین جارێکیان کوڕێکی برام و کوڕێکی ئامۆزامان هاتبوون لەمەریوانەوە بۆ دیدەنمان لەگەڵ ماڵی برایەکی ترماندا، بەڵام ئەم دوانە منالٚ بوون،نیوەڕۆ نانمان خوارد و دوای نیوەڕۆ چووبوونە دەرەوەو منالیش وەک پیاوی بەساڵاچوو بیرناکاتەوە، لەوانەیە وابزانێ شار هەر بۆ خواردنە و هەرچیەکی دەستکەوێت لە هەر دوکانێکدا بیخوات، چوبوونە دەرەوە ساندویچیان خواردبوو، کوڕەکەی برای من مەسموم بوبوو، هاتە ماڵەوە ژان و پێچی پێکەوت و ناوسکی دەیئشا و حاڵەتی تێکچوبوو و ڕشایەوە، کاک ئەحمەد بە شتەکەی زانی، هاتە لامان فەرمووی بەرماڵێکمان بۆ بهێنن، بەستی لە سکی و پشتی، فەرمووی ئوتوتان هەیە؟ وتمان بەڵێ، دەستی کرد بە ئوتووکردنی بەرماڵەکە لەسەر سکی بۆ ئەوەی نەسوتێ، بەڵام گەرم بێت و ناوسکی گەرم بکاتەوەو ئەوەی خواردویەتەوە بیرشێنێتەوە، (دیارە کاک ئەحمەد لە عیلمی پزیشکی سوونەتیدا شارەزا بوو)..

- ڕێنمایی وابوو کەسێک شتێکی دەسەند دەیفەرموو بەجۆرێک بیهێنەوە بۆماڵەوە خەڵک پێی نەزانێت، مەسەلەن خۆی میوەی گرانی نەدەهێنایەوە، بۆ نمونە کیلۆیەک تەماتە بیری دەکردەوە ئایە فەقیرەکە دەتوانێ بیکڕێت؟ ئەگەر نەیتوانیایە و گران بوایە نەیدەکڕی تا وای لێ نەهاتبایە کە ئەو میوەیە خەڵک بتوانێت بیکڕێت ئەویش نەیدەکڕی. بەڵام ئەوانەی دەیان سەند پێی دەوتن هەوڵ بدەن با لە عەلاگەی ڕەشدا بێت، چونکە لەو عەلاگە ڕەشدا خەڵک چاویان پێ ناکەوێت و نازانێت چی تیایە، با نەفسی خەڵک نەچێتە سەری..
- زۆر جار لە قاڵبی شۆخیدا شتێکی زۆر جدی دەفەرموو، نەفەرێک هات و وتی کاک ئەحمەد کابرایەک جنێوی داوە بو حەزرەتی عمر منیش جنێوم داوە بە حەزرەتی عەلی، کاک ئەحمەدیش فەرمووی بۆ کاکە کە تۆ چوویتە گەوڕێکەوە کەرێک جوتەیەکی دا لەتۆ چێ ئەکەی؟ تۆش دەست دادەنێیت و قاچ بەرز ئەکەیتەوە جوتەیەکی لێ بدەیتەوە؟! وتی قەتعەن نابێ کارێکی وا بکەیت، ئەو کارەش ئاوایە و شتێکی زۆر نامەعقولە، ببینە لەم حاڵەتە شۆخیەدا چۆن گەورەیی ئەو دوو پیاوە مەزنەی پاراستووە و پەیامەکەشی داوە بەو پیاوە، بە شێوەیەک کە لە حەیاتی ئەو ئامۆژگارییە ون نەبێ و هەمیشە لەبەر چاویدا بێت.
- جارێکیان ئیمامەتم دەکرد خۆی لە پشتی منەوە بوو، من لە دەستنوێژ گرتندا ژێر پانتۆڵەکەم تۆزێ درێژبوو تەڕ بووبوو، ئەویش زۆر حەساس بوو بە لیباسی درێژ و، زۆرکات دەیفەرموو ئەمە خەسڵەتی ئەشرافیە لەبەرئەوە هەوڵی دەدا لیباسی درێژ نەبێت، ڕەخنەی لێگرتم لەسەرئەوە..
- کاک ئەحمەد لە زینداندا بوو لەدوای (٩) ساڵێک ئەو وەختە توانیمان بە تەلەفۆنی قسەی لەگەڵدا بکەین، لەماڵی یەکێکدا بووین و قسەمان لەگەڵ دەکرد، دوای چاک و چۆنی لە تەلەفۆنەکەدا فەرمووی: کاک عەبدوڵا ئەو قسەی کە بۆم باس کردی ئەوجارە لەسەر پانتۆڵ کورتی دەزانی لەکوێ بینیومە، لە کتێبی (ابن الحجر) بینیومە، ئەمە پێش ئەوەی بچێتە زیندان باسی ئایەتی (و ثيابک فطهر) کرد و فەرمووی مانای ئەوەیە کە لیباسەکانتان درێژ مەکەن و لێرەدا باسی ئیلتزام دەکات بۆ کورتی لیباس.
- کاک ئەحمەد کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندی جیاواز و تایبەتی هەبوو یەعنی ئەگەر شۆخیشی بکردایە لەگەڵ منداڵان بۆ ئامانجێکی دیاری کراو سەرەتا و پێشەکیەک بوو بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ئیسلامەتیان لا خۆشەویست بێت و بیانهێنێتە ناو بازنەی فیکرو ئەخلاقی ئیسلامەتیەوە، نەک تەنها شۆخیەک و  تەواو..
- بیستوومە کابرایەک لەزینداندا ئەشکەنجەی کاک ئەحمەدی داوەو لەبەردەستیا کەوتووە، کابرا ویستویەتی هەڵی سێنێتەوە کاک ئەحمەد فەرموویەتی (نا زەحمەت مەکێشە من خۆم هەڵئەستمەوە)، بێنە بەرچاوی خۆت داخۆ ئەم کەسە شکەنجەدەرە چەندە سودی بینیبێت لە تەوازع و شیرینی ئەم پیاوە؟! ئەو ئەشکەنجەی داوە کەچی هێشتا ئەم بەلایەوە زەحمەتە ئەو دەستی بگرێت و هەڵیسێنێتەوە.!
- بیستوومە بۆ زیادە زەحمەتدانی کاک ئەحمەد جارێک دەیبەن بۆ ناو بەندی موعتادەکان، ئیتر لەوێ کە دەچێ دەستنوێژ دەگرێت و نوێژ دەکات، لەئەوەڵەوە ئەوانیش دەیانەوێت بە شێوەی بێ ئەدەبانە سوکایەتی پێ بکەن و قسەی ناشیرینی پێ بڵێن، بەڵام ئەم بەوپەڕی ئەخلاقەوە ڕێزیان لێدەگرێ، تا وای لێ دێ ئەوانیش ڕێزی لێ دەگرن و داوای دوعای خێری لێ بکەن و تۆبە ئەکەن..

**مامۆستا علی رەحمانی :**

- لەو کاتە کە ئێمە لە کرماشان بووین لەناو حەوشەکە دوو بەر بوو، بەرێکیان ماڵی کاک ئەحمەدی تێدابوو و ئێمەش لە بەرەکەی تریان بووین، نهۆمێک ماڵی ئێمە و ماڵی مامۆستا عەبدولا و خوارەوەش کتێبخانە بوو کە جار جار مامۆستا بورهانی ئەمینی تەشریفی دەهات بۆ ئەوێ و شوێنێکیشمان هەبوو بۆ چێشتخانە، ئێوارەیەک ئێمە چووینە دەرەوە (کاک ئەحمەد خصوصیاتی تایبەتی خۆی ئەوە بوو حەزی دەکرد کە خواردن نەمێنێتەوە و پاش ماوەی خواردنەکانیش بخورێ)،

کە هاتینەوە تەماشامان کرد کاک ئەحمەد وا لە چێشتخانەکەی ئێمەیە، هەندێ خواردنی کۆنمان بوو ئەو گەرمی کردبۆوە و شۆخیەکی کرد لەگەڵ ئافرەتەکانیش فەرمووی: ئەزانم ئێوە خانم و خانن ئەو چێشتانە ناخۆن گەرمم کردۆتەوە بیبەینە ئەوبەرەوە بیخۆین، ئێمەیش وتمان بەرێ واللە دەیان خۆین و ئیستفادەیان لێ دەکەین، کاک ئەحمەد بەشی ئێمە و ماڵی کاک عەبدوڵای دانا و باقیەکەی برد بۆ خۆیان..

- جارێکی تریش ئێمە لەو وەختەدا لە ئەسفەهان بووین هاتم بۆ کرماشان کاک حسن حسێنی لێ بوو، من لەوێ نەخۆش کەوتم و لەلام مایەوە چووینە لای دکتۆر، کاک ئەحمەد خوای گەورە لێی خۆش بێت فەرمووی کاکو من خواردنێکت بۆ لێ دەنێم، ئەمشەو بەیانی (ان شا الله) بیخۆیت خوای گەورە شیفای بەخێرت بۆ دەنێرێت، ئێوارە هەواڵیاندا کە تۆزێ گۆشتی لێ ناوە خستویەتە ناو قابلەمەیەکی بچوکەوە تا بەیانی کوڵاوە، ئیتر ئاساری گۆشتی پێوە نەمابوو بوو بوو بە ئاوو دوای ئەوە نە تامی تێ کردبوو نە خۆی تۆزێکی دانا بۆ من، لای من زۆر ناخۆش و بێ تام بوو خۆی زۆر وەسفی کرد و، فەرموی ئەوە بخۆیت باش دەبیت (ان شا الله)، سێ چوار کەوچکم لێ خوارد، کاک ئەحمەد تەشریفی بردە دەرەوە وتم کاک حسن خەریکە دڵ و جەرگم دێتە دەرەوە ئەوەندە چێشتەکە بێ تامە، دوایی ئیتر چێشتەکەم هەڵ گرت و بۆم نەخورا، عەسر وتم کاک حسن برۆ بلیت بکرە با بچینەوە بۆ ئەسفەهان هەستاین و ویستمان خوا حافیزی بکەین لە کاک ئەحمەد فەرموی بۆچی چاک بوویتەوە، وتم: باشم شکور. ئەویش فەرموی: هەر بەڕاستی چاک بوویتەوە منیش پێ کەنیم و وتم (واللە) لە ترسی چێشتەکە ڕا دەکەم، زۆر پێ کەنی یادی بەخێر خوای گەورە بەیەکمان شاد بکاتەوە.
- کاک عزیزی ئەمینی گێڕایەوە کە لە خزمەتی کاک ئەحمەددا بووم ئەچووینە ماڵەوە (کە زاهیرەن لە ئەوەڵی ئینقلاب یان پێش ئینقلاب بوو) دژایەتی چەپەکان و دەربارییەکان دەستی پێکردبوو، خەڵکیان هان ئەدا کە بزانن موفتی زادە چیتان بۆ ئەکا بڕۆن بۆ ماڵی لەوێ حقوقتان پێ دەدات، ئیتر لەم کاتانەدا بوو، ژنێک لەسەر جادەکە کاک ئەبینێ دەست ڕادەگرێت بۆ ماشێنەکەی.. کاک ئەحمەدیش بە سایقەکە ئەڵێ: ڕای گرە بزانین گرفتاری چیە، کاک ئەحمەد دادەداتەوە بۆ ئەوەی بزانێ ژنەکە دەڵێت چی، ژنەکە دەمی پڕ دەکات لە تف و دەی کاتە نێو چاوی کاک ئەحمەد..!! ئەو پیاوانەی لە ناو سەیارەکەدان دەیانەوێت دابەزن و ژنەکە دوور خەنەوە، کەچی کاک ئەحمەد ئەفەرمووێ: لێی گەڕێن..!! دەڵێن ئاخیر بۆچی..؟؟ ئەویش وتەیەک دەڵێ کە مێژووی مرۆڤایەتی و خەباتی ئازادی و دادو یەکسانی دەبێ بەئاوی گەوهەر لەسەر لەوحەی دادگاو پەرلەمانەکان بینووسێتەوە، دەفەرموێ: (وازی لێ بێنن با ئەو شەهامەتەی سەر کوت نەکرێت با دیفاع لە حەقی خۆی بکات.. خۆ من حەقم نەخواردووە، بەڵام با ئەو شەهامەتانە بمێنن..!!)

- ✓ شتێکی تر کە شایانی گێڕانەوەیە لە ئازایەتی کاک ئەحمەددا کە زۆر نمونەی تریش هەیە. (ئایەت اللە مونتەزیری)، "ئەو کاتە جێگەداری خومێنی بوو" هەواڵی بۆ دەنێرێت نەرمی بەخەرج بدات و دەڵێت: هەرکەس چۆتە زیندان هەموویان ناچاری پەشیمانی کردووە و هێناویانەتە سەر تەلەفزیۆن قسەیان کردووە وەک چەندین نمونە هەیە، من ناڵێم تۆ بڵێ پەشیمانم، بەڵکو هەر ئیجازە بدە تەسویرێکت بگرن، بەڵێنم لێ وەرگرتوون کە ئیتر ئازادت بکەن.. کاک ئەحمەدیش جەوابی بۆ دەنێرێتەوە دەفەرموێت: من خوام لە خۆم و لە تاقە کوڕەکەم و لە هەرچی کەسە خۆشتر دەوێت و، ئا ئەم زیندانە و ئەشکەنجانەم  لەبەر خاتری خوا و ڕەزامەندی ئەو قبوڵ کردووە، بە (لا الە الا اللە) قەسەم ئەوان پێم بڵێن بڵێ (لا الە الا اللە) بۆ ئەوانی ناڵێم..!!
- ✓ بە ڕاستی خۆتان کاک ئەحمەدتان بینیبوو کە چ لاشە و قیافە و هەیکەلێکی هەبوو، بەڵام دوای زیندان زۆر لاواز بوو بوو، ئەگەر بیکەیت بە چوار بەشەوە کاک ئەحمەد سێ بەشی نەمابوو، یەک بەشی مابوو ئەویش هەمووی ئیسک بوو، ئەو بەدەنەی دانابوو لە ڕێگای خوا هەر وەک و گیانیشی بۆ دانا، لەو ماوەیەدا لەکەرەج بوو لە ماڵی کاک هادی مرادی بوو، منیش چووم بۆ تاران لەگەڵ مامۆستا عبدالرحمن یعقوبی و کاک باقر بڕیارماندا بچین بۆ خزمەتی، لەو کاتەدا مەرحومی مامۆستا مەلا محمد ی بوداغی لە تاران بوو (کە مامۆستای کاک ناصر بوو، هەروەها زانایەکی گەورە بوو کەسایەتیەکی بەناوبانگی تصوف بوو) کە چوینە ماڵەکە کاک ئەحمەد بەو حاڵەتە نارەحەتەوە هەوڵی ئەدا هەڵسێتەوە لەبەرمان، پاش کەمێک مامۆستا مەلا محمد هاتە گۆ و چەند ووشەیەکی مێژوویی فەرموو کە وەڵامی زۆر شتی تیایە، فەرمووی: کاک ئەحمەد هاتووم لەجیاتی ئەهلی سونەت تەشەکورت لێ بکەم، ئەگەرچی تۆ بۆ سوپاسگوزاری ئێمە ئەو گشتە زەحمەت و نارەحەتیەت قبوڵ نەکردووە.. کاک ئەحمەد من و تۆ ئیختلاف نەزەر و جیاییمان هەیە، بەڵام ڕەوا نییە ئەو جیاوازییە ببێتە مایەی دابڕان و ناکۆکی و دژایەتی.. ئەو ئیختلافە نابێ وامان لێ بکات مەنعی قسە بۆ یەک و گوێ بۆ یەکتر بکات، ناوچەکەمان پڕ بووە لە حاڵەتێکی ناخۆش و خلافاتێکی بێ سەروبەر لەناو موسڵمانانادا. من وائەزانم تۆ ئەتوانی دەورێکی یەکەم ببینی لە چاککردنی ئەم حاڵەدا، تکا ئەکەم نەقشت ببێ..؟ ئەویش فەرمووی بەتەوفیقی خوا (ان شاالله) تۆزێ بێمەوە سەرحاڵ ئەم مەسئەلەم لەبەر چاو نەبێ.. پاش ئەمە کە بینی زۆر نارەحەت بووم و بانگی کردم و بەعزێ دڵ خۆشی دامەوە و هەواڵی منداڵەکانی پرسی هەتا ناوی منداڵەکانی دەهێنا و دەی وت دوعای خێرم بۆ کردووە و لەبیرمدا بوون هەمووتان، ئەگەر خوای گەورە قبوڵی بکات دوعای خێرم بۆ هەموتان کردووە، (ان شاالله) خوای گەورە لێی قبوڵ دەکات هەم لەویش و هەم لە ئێمەیش.
- ✓ مامۆستا عەبدوڵا من و کاک علی لە خزمەتی کاک ئەحمەددا بووین ئاغای ڕەفسەنجانی هات بۆ کرماشان ویستی کاک ئەحمەد ببینێت ناردیان، بۆ لای بەڵام کاک ئەحمەد داواکەی ڕەت کردەوە بۆ بینینی، لە حاڵێکا ڕەفسەنجانی کەسایەتیەکی دەست ڕۆیشتووی ئینقلاب بوو، تائیستەیش چەندین پایەو پۆستی گەورەی وەرگرتووە، زۆر کەس دەبینین لە ئینسانی مودەعی کە ئەگەر ئیمزایەکی ڕەفسەنجانی و ئەمسالی وەک ئەو دەست بکەوێ لە ماڵەوە دەیگرێتە شوشە و هەڵی دەواسێت بۆ یادگاری، کەچی ئەو پیاوە بەوپەڕی شەهامەت و سەربەرزیەوە ماڵەکەی خۆی بەجێ هێشت و ئێمەیش لە خزمەتیدا بووین چوین بۆ ماڵی تر، نەوەک ئەوان بەبێ ئاگاداری بێن.

## لەکۆتاییدا:

زاگرەو هۆشمان ئەوەندەی پێمابوو لەم کاتەدا، بەهیوابن کەمێک لەحەقیقەتی دەریای کەسایەتی ئەو زاناو دانا و سەرکردەو عارفەمان دەربڕیبێ و جوزئێک لە وەفامان بەجێهێنابێ. چەند شتێک وەک دووبارە کردنەوە و جەختکردنەوە لە تایبەتمەندی کاک ئەحمەد دەخەینەوە خزمەتان:

- خۆشەویستی بۆ خەڵک و مەخلوقات بەگشتی.
- خۆشەویستی بۆ فەقیر و هەژار بەتایبەتی.
- ئازایەتی و نەترسی و شەهامەت.
- زیرەکی و زانایی و حیکمەت و بلیمەتی.
- دوور بوون لە ڕەوشتەکانی خۆ بەگەورە زانین و خۆ جیاکردنەوە لە خەڵک بەهیچ ناونیشانێک.
- تەوازع و خۆ بەکەم زانین و نەجابەت.
- حەز نەکردن لە مەقام و پلە و پایەی دونیایی.
- نەخەڵەتاندنی بە پارە و پۆست. (خۆی هەمیشە ئاماژەی بە سێ خاڵ دەکرد کە دوژمنانی دینی خوا دەیگرنە بەر، بۆ ئەوەی ئیسلامەتی ناشیرین بکەن و دژی ئیمانداران وەک چەکی کوشندە بەکاری دێنن:
- تەماع بۆ پلە و پایە.
- ترساندن و هەڕەشە و تۆقاندن.
- فێڵ و تەڵەکە و فریودان. واتە: (زەڕ و زۆر و تەزویر).

"مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا"

سەرچاوە :

کتێو: کاک ئەحمەدی موفتی زادە (زانا و سەرکردە و عاریفی مەزن) / نووسەر: صلاح الدين محمد بهاءالدين




صلاح الدين محمد بهاء الدين
کاك ئەحمەدی موفتی زادە
زانا و سەرکردە و عاریفی مەزن